**لە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی باسی جینۆساید و کیمیابارانی کوردستان دەکرێت**

تۆری (KONCICC )بە هاوکاری بەشێك لە رێکخراوەکانی تایبەت بە کیمیاباران و جینۆساید, لە چوارچێوەی کۆنگرەی ٢٤ی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە شاری لاهای هۆڵەندا, رۆژی چوارشەم٣-١٢-٢٠٢٥ کاتژمێر ٨:٣٠ بۆ ٩:٤٥ بەیانی, لە هۆڵی (٢ Yangtze )لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ASP٢٤سمینارێك رێك دەخات بە ناونیشانی (شوێنەوارەکانی جینۆساید و کیمیاباران لە کوردستاندا), تیایدا کۆمەڵێك پارێزەر, نووسەر,لێکۆڵەر, چالاکوان و قوربانی بەشداری تێدا دەکەن.

بەخێر هاتن و بەڕێوەبردن: جەماڵ مەجید فەرەج , نووسەر و لێکۆڵەر لە بواری جینۆساید

سالار مەحمود ,نووسەر و لێکۆلەری بواری جینۆساید: تاوانی جینۆسایدی ئەنفال یەکێك لە تاوانە مەزنەکانی سەدەی بیست.

ئەیاد کاکەیی , پارێزەری خۆبەخشی کەیسەکانی جینۆساید: هەوڵەکانی قوربانیانی شاری هەڵەبجە بۆ بە دادگایی گەیاندنی کۆمپانیاکانی چەکی کیمیاوی.

دارا محەمەد عەلی ساڵەح ,رزگاربوی سەربازگەی دووبز و نگرە سەلمانی ئەنفالکراوان: لە دوو زیندانی جینۆسایدکردن گەڕامەوە.

لوقمان عەبدالقادرو سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیاوی هەڵەبجە: لە ١٦-٣-١٩٨٨ بە بەرچاوی جیهانەوە لە شاری هەڵەبجە ئاوا مردین.

هابیل ئەحمەد بەڕێوەبەری مۆنمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ: مۆزەخانەی پێشمەرگە شەهیدەکانی جەنگی دژ بە داعش چۆن دامەزرا .

سۆنیا سەیدە عیسا هاوواڵاتی شاری شەنگال: داعش لە شەنگال ئاوای بەسەرکچان و منداڵانی ئێزیدی هێنا.

هاوکات فلیم لەسەر جینۆساید و کیمیاباران نمایش دەکرێت.

بیستەم ساڵە لەم جێگایە چالاکی خۆبەخشانە لە بواری جینۆساید پێشکەش دەکرێت, هەموو خەرجییەکانیش لەسەر بەشداربووانە .

بۆ پەیوەندیکردن: عەلی مەحمود : واتس ئاپ ٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠

Alimahmud٢٠٠١@yahoo.com

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠